# نزا



ئەڵماس مستەفا

کێ هەیە نزایەك بکا بۆئایندە..

تائەوین بەرگەی دووری و دابڕان نگرێ ؟

ئاخرمن..

هەموو ڕۆژێك خەریکی هەژمارکردنی

رۆژەکان دەبم.

بەتەسبیحەکەی نەنکم تادوایین

ساتی چاوەروانیم کۆتایی بێ

ئاخرمن

لەوەتی هەم خەریکی چنینەوەی

گەردی شەپۆلەکانم

تا دواین ساتی نەهامەتیمی تیا سەربچی

نازانم کەی !!..

تارمایی لەسەرفانۆسی ژوورەکەم لادەچێ !

لەبری گوڵێکی ڕەش .

تروسکایی ماچێکی لێوی ئەو

لە ئینجانەی ماڵەکەما ئەروێ .؟

ئەڵماس مستەفاا